# با سوێسکەی شیعر بە شەوارە نەکەوێت!

(1)

حەمەسەعید حەسەن

بەرد تەنیا بۆ درەختی بەردار دەهاوێژرێت. حەز ناکەم هیچ سەرنجێکم ڕۆڵی بەرد ببینێت، ئەوی وەک بەرد بۆ بۆچوونەکانم دەڕوانێت، با وەک درەختەکی بەردار سەیری ڕەخنەلێگیراویش بکات. (شیعر پەپوولەیە، بۆ ئەوەی هەناوی ببینین، نابێت دەست بدەینە شمشێرێک. نابووتترین ڕەخنە ئەوەیە، ڕووی دەمی لە خاوەنی بەرهەمەکەیە، نەک لە کارە ئەدەبییەکە.)(١) ئەو ڕەخنەیەی هەر خاوەنی بەرهەمەکەی مەبەستە، جا چ ڕەتی بکاتەوە، یان پەسەندی بکات، بە هەردوو بارەکەدا، ئەوە ڕەخنەی ئەدەبی نییە، کوللەی ئەدەبییە.(٢)

ئەی ڕەخنەگر، با ڕەخنەکانت داهێنان بن! با ڕەخنەکانت پشت بە خۆیان ببەستن، با وەک لاورگە بەسەر بەرهەمەکانەوە نەلەوەڕێن! ئەی نووسەر لە یادت نەچێت، (دەمامک لەسەر ڕووخساری کەموکوڕییەکان لا بدە! هەست و نەستە ساختەکان ڕووت بکەوە! نەفرەت لە پەردە و دەمامک، بۆ پێشەوە بە ڕووتوقووتی، لێیان گەڕێ، با تێت تێر بڕوانن!)(٣)

وشە سوێسکەیە، لە قامووسدا مۆمیا کراوە، لە شیعردا لە شەققەی باڵ دەدات. ئەی ڕەخنەگر، با تیشکی سەرنجەکانت، سوێسکەی شیعر بە شەوارە نەخەن! ئەی نووسەر، ڕێزی وشە بگرە! وشە دەرمەپەڕێنە! لەگەڵ لەدایکبوونی هەموو ڕستەیەکدا وەک قەقنەس بسووتێ! بە ڕەوتار نەک هەر بە گوتار، ڕاستگۆیی تاکتیک و ستراتیژت بێت!

## چیرۆکی براکوژی

هەواری سەرەکیی کاروانی ئەم باسە، کۆشیعری (هەڵۆ)ی شێرکۆ بێکەسە،(٤) گەر چی جاروبار هەندێک ڕێبواری سەرەڕۆی ئەم کاروانە، لەو هەوارەدا ئۆقرە ناگرن و چەند هەوارێکی دیکەش بەسەر دەکەنەوە، وەلێ دوا جار هەر بۆ هەواری سەرەکیی دەگەڕێنەوە. سەردانی هەواری دیکە، تەنیا بە مەبەستی زێتر ناساندنی کۆمەڵەشیعری هەڵۆیە. هەڵۆ، بریتییە لە شیعرێکی درێژ، بە ناونیشانی (داستانی هەڵۆی سوور) و هەر سێ بەشەکەی (کەشکۆڵی پێشمەرگە،) کە ساڵی ١٩٨٦ لە شاخ چاپ کراوە و سامی شۆڕش پێشەکیی بۆ نووسیوە.

پێشەکییەکە زێتر باسکردنی تێڕوانینی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانە بۆ ڕووداوەکان و لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا، بایەخێکی ئەوتۆی نییە. سامی شۆڕش ئەگەر چی لە سەرەتای پێشەکییەکەدا بەڵێنی داوە (هەندێک وردەسەرنج دەربارەی فۆرمی هونەریی شیعرەکان دەربڕێت،)(٥) بەڵام کەم و زۆر توخنی لایەنی هونەریی شیعرەکان نەکەوتووە! دەشێت سامی شۆڕش بەڵێنی خۆی بەجێ گەیاندبێت، وەلێ شێرکۆ بێکەس لە کاتی چاپدا، پێشەکییەکەی ئارایشت کردبێت و سەری سەرنجە هونەرییەکانی سامی شۆڕشی بە گۆمدا کردبێت، بەڵام بیری چووبێت، پێشەکییەکە وەها مۆنتاژ بکاتەوە، کە خوێنەر هەست بەو باڵکردنە نەکات، دەشێت بیری چووبێت، مەقەستەکە بشارێتەوە، بۆیە پێشەکییەکە لە باسێکی سیاسی دەچێت، نەک ئەدەبی. شیاوی بیرهێنانەوەیە، ساڵی ١٩٨٠ سامی شۆڕش دەربارەی نامیلکەی (شیعر هەڵوێستە)ی نووسەری ئەم باسە، گوتبووی: (حەمەسەعید خۆی شاعیرە، دەبووایە وەک شاعیر تەماشای شتەکانی بکردایە، نەک وەک ڕەخنەگرێکی سیاسی!)(٦)

سامی شۆڕش دەڵێت: (ئەڵقەی دەستپێکردنی ناوەڕۆکی بەرەنگاری لە شیعری ئەم دە ساڵەی کاک شێرکۆدا،

ریسواکردنی ئەو ڕێبازە سیاسییە بوو کە بڕیاری ئاشبەتاڵکردنی بە سەر شۆڕش و هێزی پێشمەرگەی گەلی کورددا سەپاند.)(٧)

ئەدەبی بەرەنگاری، ڕەنگدانەوەی خەباتی گەلێکە دژی دوژمنی داگیرکار، ئەو ئەدەبەیە لە سەنگەری بەرەنگاربوونەوەی داگیرکارانەوە دەنووسرێت. تیری ئەو بۆچوونەی سامی شۆڕش کە ڕەخنە توندوتیژەکانی شێرکۆ بێکەسی لە پدک، بە ئەدەبی بەرەنگاری ناوزەد کردووە، ئامانجی نەپێکاوە، ئاخر ئەو شیعرانەی شێرکۆ بێکەس زێتر بەرجەستەکردنی براکوژین لە ڕوانگەی ‹ینک›ەوە و ئاگرخۆشکەری شەڕی کورد بەفیڕۆ بە کوشتدانن، نەک شیعری بەرەنگاربوونەوەی داگیرکارانی کوردستان، زێتر شیعری ڕەواییدان بە شەڕی نێوخۆن، نەک شیعری بەگژ داگیرکاراندا چوونەوە.

داستانی هەڵۆی سوور، چیرۆکەشیعر نییە، کۆمەڵەشیعرێکە و ناونیشانێک کۆی کردوونەتەوە. جیاوازیی نێوان شیعر و چیرۆکەشیعر تەنیا لە کورتی ئەمیان و درێژیی ئەویاندا ڕەنگ ناداتەوە، (گوڵی خوێناوی)یەکەی (گۆران) وەک ژمارەی دێڕەکان شیعرێکی درێژ نییە، بەڵام لوتکەی شیعری درامای کوردییە. لە شیعری درامادا (دیمەن و تابلۆکان یەک لەدوای یەک سەر هەڵدەدەن و ڕووداو بە پشتبەستن بە چەند دەنگ و هەڵوێستی جیاواز و ململانێی نێوانیان بەرەو کامڵبوون و لوتکە هەنگاو دەنێت.)(٨)

شیعر باڵاترین جۆری هونەرە، شیعری دراماش، بێلنیسکی گوتەنی، باڵاترین جۆری شیعرە. داستانی هەڵۆی سوور، شیعری دراما نییە، سەرەکیترین سیمای شیعری درامای کە یەکێتیی بابەتە، تێدا ڕەچاو نەکراوە، بەڵکوو مەلی خەیاڵی شاعیر لەسەر چڵی چەندان بابەت نیشتووەتەوە و ‹ناوکار›یش پەتایەکە سەراپای شیعرەکەی گرتووەتەوە. شاعیر لە دەرگای ئەوەندە بابەتی داوە کە دۆزینەوەی چادری بابەتە سەرەکییەکە بووەتە کارێکی دژوار، وەک دەرکی بەوە نەکردبێت، کورتبێژی کە چڕکردنەوەی دەربڕینە، یەکێکە لەو ڕەگەزانەی نەمریی بۆ شیعر دابین دەکات و درێژدادڕیش یەکێکە لە خەسڵەتەکانی شیعری تەمەنکورت.

داستانی هەڵۆی سوور، باس لە ڕابردوویەکی گەلێک نزیک دەکات، باس لە ساڵانی ١٩٧٥ تا ١٩٨٠ دەکات، لە نسکۆی شۆڕشی ئەیلوولەوە تا سەرهەڵدان و گەشەکردنی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، وەک باڵێکی بزێوی بزووتنەوەی کوردایەتی. قارەمانی شیعرەکە کە شاعیر خۆیەتی، هەموو هیواکانی بە شۆڕشی ئەیلوولەوە بەند بووە، کە زریانی هەرەس کەشتیی ئاواتی تێک دەشکێنێت، نائومێدی دەرگای خۆی بۆ دەخاتە سەر پشت و وەک هەر مرۆڤێکی هیوابڕاوی تر، پەنا بۆ پلارهاویشتن و سووکایەتیکردن بە سەرانی بزووتنەوەکە دەبات و (شەوانە ئازارەکانی بە پێک سڕ دەکات.)(٩) کە دەبیستێت چەند هەڵۆیەک ئاوێزانی باڵای شاخ بوونەتەوە، دیسانەوە درەختی وشکهەڵاتووی ئومێدی چرۆ دەکاتەوە و سەوز هەڵدەگەڕێتەوە.

دوای هەرەس شارۆچکەی بەغدادیی کەناری فورات، دەبێتە هەواری نوێی شاعیر و لەوێوە هەفتانە سەر لە بەغدادی پایتەخت دەدات و خەیاڵ بەرەو بناری شاخی ‹گوێژە›ی کە بەسەر شاری ‹سلێمانی›دا دەڕوانێت، دەباتەوە. داستانی هەڵۆی سوور، کە لە سەرەتای ساڵانی هەشتادا نووسراوە، لە شارەوە بە دەنگی شاعیر لەسەر ئەوار تۆمار کراوە و ڕەوانەی چیای قەندیل کە سەرکردایەتیی ‹ینک›ی لێ بووە، کراوە، یەکەمین بەڵگەنامەی ئاشکراکردنی لایەنگیریی شێرکۆ بێکەسە لەو باڵەی بزووتنەوەی کوردایەتی. ئەوانەی سەرپێی سەرنجی شیعر دەدەن، وای بۆ دەچن، شێرکۆ بێکەس لەو شیعرەوە گۆڕانێکی ڕیشەیی بەسەر فیکری و جێپێی چینایەتیشیدا هاتووە و بە تەواوی دەستبەرداری ڕابردووی بووە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەو شیعرە و ئەوانی دواتریشی سەرئەنجامێکی لۆژیکیی فیکر و هەڵوێستی پێشووی شاعیرن و گۆڕانەکە تەنیا ڕووکەشە و شاعیر وەک کرۆک هەر ئەوی جارانە، ئاخر یەکێتی و پارتی دوو باڵی یەک بزووتنەوەن.

ئەی تفەنگەکەی موعینی

تەنها ئەو وەختە ببوورە لە پیاوکوژان،

گەر توانییان جارێکی تر

موعینیت بۆ بهێننەوە و بتکاتە شان. هەڵۆ، ل٤٩

زراندنی ناوی بکوژانی موعینی، کارێکی پێویست و پیرۆزە، بەڵام گوتنی ئەو راستییە، بۆچی پازدە ساڵ دوا بخرێت! بەهاری ساڵی ١٩٦٨ کە موعینی لە خوێنی خۆیدا شەلاڵ کرا و (تەرمەکەی بە رژێمی شا فرۆشرایەوە،)(١٠) شێرکۆ ئەو سەروەختەش دەستی قەڵەمی دەگرت، ئەدی لەبەر چی ئەو رووداوە ویژدانهەژێنە، نەیهێنایە شیعر؟ بۆچی دوای پازدە ساڵ قەتماغە لەسەر ئەو برینە بەسوێیە هەڵدەداتەوە؟ ئەگەر شاعیر قازانجی تەسکی حیزبی لەبەر چاو نەگرتبا، ئەوسا هەڵوێستی دەنواند. جێی سەرنجە دوای تێپەڕبوونی پازدە ساڵ بەسەر رووداوەکەدا، لەبەر قازانجی حیزبێکی تر، ئاوڕ لە خوێنی ئەو شەهیدە دەداتەوە.

لەسەر شانۆیەکی ملکەچ

چەند قەڵەمێکی چاوحیزی ناوبانگزڕاو

قەڵەمەکانی گیرفانی موشیری حەمەی سلێمان

«ڕاپۆرت»یان ئەدا لە بەردەقارەمان و

دەستیان ئەخستە ناو دەستی فرایزەر و

ئەکەوتنە پێش سیکەکان. هەڵۆ، ل٩٠

شێرکۆ بێکەس ئەو مافە بە خۆی رەوا دەبینێت، پەنجەی شیعری بە چاوی خەباتی (بارزانی)دا بکات، کەچی کە فوئاد مەجید میسری لە شانۆنامەی (ڕاپۆرت)دا، ئەو راستییە مێژووییەی کە مننەوەرێکی وەک جەمال عیرفان لە سەردەمی دەسەڵاتی شێخ مەحموودا تیرۆر کراوە، بەسەر دەکاتەوە و ئەحمەد سالاریش ئەو دەقە دەخاتە سەر شانۆ، ئەو راستگۆییەی پێ قوت ناچێت و میسری و سالار، وەک موشیری حەمەی سلێمان(١١) بە ناپاک نێوزەد دەکات، ئەگەر چی ئەوی کەمێک شارەزایی لە مێژووی بزووتنەوەی کوردایەتیدا هەبێت، ئەوە دەزانێت، ئەگەر تەمەن مەودای شێخی گەورەی دابا، لە بزووتنەوەکەی ئەیلوولدا، وەک برا بچووکێک لە دوای بارزانییەوە، رێی دەکرد. ئەوە چییە وای کردووە، شێرکۆ بێکەس مافی ئەوەی هەبێت، تیری رەخنە ئاراستەی بارزانی بکات، وەلێ فوئاد میسری مافی ئەوەی نەبێت، رەخنە لە شێخ مەحموود بگرێت؟

قینی سێ لا

گوێزانێکی سێگۆشە بوو،

پیلانێکی سێگۆشە بوو،

ئەوەتا وا

پیلانی سێگۆشە ئەڕوا

توند ناوقەدی هەکار ئەگرێ. هەڵۆ، ل٩٦

سەرجەمی کۆمەڵەشیعری هەڵۆ، رەنگدانەوەی دیتن و رەوتاری یەکێتیی نیشتمانی کوردستانە. کارەساتەکەی بەهاری ١٩٧٨ی هەکاری برینێکی قووڵی کردە جەستەی ئەو لایەنەوە، هەر بۆیە هەوری تەڵخی ئەو کارەساتە، سێبەری بۆ تەواوی دیوانەکە کردووە. شێرکۆ بێکەس بەسەرهاتی ژیانی عەلی عەسکەری کە لە کارەساتەکەدا گیانی لە دەست دا، لە چیرۆکەشیعری (پیاو)دا دەگێڕێتەوە.

(یەکێک لە جیاوازییە بنەڕەتییەکانی نێوان نووسەری داستان و درامانووس ئەوەیە، ئەمیان رووداو وەک رابردوو دەگێڕێتەوە و ئەویان وای دەگێڕێتەوە، وەک باسی حاڵی حازر بکات.)(١٢) (پیاو) لەم رووەوە سیمای داستانی پێوە دیارە، نەک دراما. شێرکۆ لە (پیاو)دا راستەوخۆ باسی قارەمانی شیعرەکەی ناکات، بەڵکوو مامۆستایەک لە

ڕوانگەی خۆیەوە، بەسەرهاتی پاڵەوانی شیعرەکە بۆ قوتابییەکانی دەگێڕێتەوە. یەکێک لە خەوشەکانی زۆر چیرۆکەشیعر ئەوەیە، شاعیر هەڵسوکەوتێکی ڕاستەوخۆیانە لەگەڵ قارەمانەکەیدا دەکات، چیرۆکەشیعری پیاو، ئەو کەموکوڕییەی تێدا نییە. (بۆ ئەوەی شاعیر لە هەمان کاتدا چیرۆکنووسیش بێت، نابێت هیچیان بکات بە قوربانی ئەوی تریان.)(١٣) لە (پیاو)دا چیرۆک پاشکۆی شیعرە و شیعریش کەنەفتی دەستی فیکری ئەو لایەنەیە کە قارەمانی (پیاو)ی پێگەیاندووە.

**سەرچاوە و پەراوێز**


(١) جبرا ابراهیم جبرا، ینابیع الرؤیا، ص٩٤ ـ ٩٧ المؤسسە العربیە للدراسات و النشر ١٩٧٩ بیروت.

(٢) بیلنسکی، نصوص مختارە، ت: یوسف حلاق، ص٣١ وزارە الثقافە ١٩٨٠ دمشق.

(٣) فرانسیس کلنغندر، المارکسیە و الفن الحدیث، ت: مصطفی عبود، ص٤٨ مرکز الابحاث و الدراسات الاشتراکیە ١٩٨٧ دمشق.

(٤) جوامێر، (شێرکۆ بێکەس) هەڵۆ، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان ١٩٨٦ چاپخانەی شەهید جەعفەر.

(٥) سەرچاوی پێشوو، ل٦

(٦) حەمەسەعید حەسەن، شیعر لە نێوان لەززەت و هەڵوێستدا، نووسەری کورد، ژمارە (٥) ل١٢٨ بەغداد ١٩٨٠

(٧) هەڵۆ، ل٨

(٨) د. محسن اطیمش، دیر الملاک، ص٨ دار الرشید ١٩٨٢ بغداد.

(٩) هەڵۆ، ل٥٦

(١٠) کەریمی حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی سێیەم ١٩٨٨ ستۆکهۆڵم.

(١١) لە ڕوانگەی مێژوونووس د. کەمال مەزهەرەوە، موشیر ناپاک نەبووە.

(١٢) جورج لوکاش، غوتە و عصرە، ت: بدیع حقی، ص٧٩ دار الطلیعە ١٩٨٤ بیروت.

(١٣) د. محسن اطیمش، دیر الملاک، ص٣٨ دار الرشید ١٩٨٢ بغداد.